# گەندەڵی چەمكێك بۆ داپۆشینی تاڵانییەكی ئاشكرای میلیشیا

**عبدالله مەحمود**
abdulla.mahmud@gmail.com

**ماوەی چەند ساڵێكە، چەمكی گەندەڵی بەشێوەیەكی بەرفراوان لەلایەن نووسەران و میدیای كوردیەوە بەكاردەهێنرێت. ئەم چەمكە لەبەرامبەر ناعەدالەتییەكی كۆمەڵایەتی بێبنەما، لەبەرامبەر دەوڵەمەندبوونی ژمارەیەكی زۆری بەرپرسی حزبی و حكومی، لەبەرامبەر زیادبوونی تەلار و كۆشكە فیرعەونئاساكان، بەدەستەوە گیراوە. هاوكات بەرپرسە حكومی و حزبییەكان و نووسەرانی مۆڵەتپێدراویان ئەم چەمكە بەكاردەبەن و هەوڵئەدەن لەورێگایەوە نارەزایەتی جەماوەری لەبەرامبەر بەدزی و تاڵانی خاوبكەنەوە، ئەوانیش دەڵێن گەندەڵی هەیە و دەبێ نەهێڵرێت، دەڵێن گەندەڵی لەهەموو دنیا هەیە، دەڵێن گەندەڵی زیاد لەپێویست گەورە كراوەو بەم شێوەیە نییە كەهەیە، دەڵێن وورده وورده گەندەڵی ناهێڵین و چاكسازی دەست پێدەكەین، دەڵێن چاودێری بازارو سەرمایەی بەرپرسە حكومی و حزبییەكان دەكەین. تەنانەت ئەوانەی بەشێك لەگەندەڵی 16 ساڵەی كوردستان بوون ئێستا بە فۆرمی ریفۆرم خوازییەوە دەیانەوێ خۆیان بەدژی گەندەڵی هەڵبەخەن و شانی خۆیان لەوبەرپرسیاریەتیە مێژوویە خاڵی بكەنەوە كە بەدریژایی تەمەنی سیاسیان لەپشت گەندەڵی و تاڵانی كوردستانەوە بوون.**

**بێگومان ئەگەر بەكارهێنانی ووشەی گەندەڵی بۆ زۆرێك لە نووسەران هۆكارەكەی نارۆشنی بێت و لە نائاگایەوە بێت، بەڵام بۆزۆرێك لەنووسەرانی تر بەتایبەت ئەوانەی لە خولەكی دەسەڵاتدان ولە بازنەی تاڵانچێتیدا تاوی قەڵەم فرۆشیان دەدەن شتێكی ترە.**

**ئەوەی ئەو تیپە لەنووسەرانی سەر بەدەسەڵات و بەرپرسە حزبی و حكومیەكان چەمكی گەندەڵی بەكاردەبەن، پێشوازی لەو تەعبیرە دەكەن ئەوەیە كە دەیانەوێ لوشدانی ئاشكرای داهاتی كوردستان و فەرهودكردنی ئاشكرا بە گەندەڵی و فەسادی ئیداری بچوێنن و پێمان بڵێن گەندەڵی لەزۆرێك لەووڵاتەكانی دنیا هەیە، ئێمەش خاوەنی تەجروبەیەكی ساواین و فێری نیزامی موئەسەساتی و دامەزراوەی نین و كاتمان پێویستە بۆفێربوونی. .....تاد.**

**واقعیەت ئەوەیە ئەوەی لە كوردستان هەیە گەندەڵی نییە، تاڵانی ئاشكرای داهات و سامانی كۆمەڵگایە لەلایەن میلیشیاوە. تاڵانیش بەپانتایی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی میلیشایی بەرینایی هەیە، ئەوەی كەپێی وایە هیزی چەكدار دەتوانێت مافیای دزینی سەروەت و داهاتی كۆمەڵگا نەبێت، لە تایبەتمەندیەكانی دەسەڵاتی میلیشیایی نەك ناگات بەڵكە ئەیەوێت تا دنیا هەیە ئەم شێوە دەسەڵاتە میلیشیایی یە درێژە بە قەڵەمرەوی دەسەڵاتی بدات و بەرین بێتەوە.**

**ئەگەر یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی كۆمەڵگاو وڵاتەكانی ئەم سەردەمە، فەسادی ئیداری و گەندەڵی بێت، ئەوا یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی دەسەڵاتی میلیشیایی فەرهودو تاڵانی داهاتی ئەو جغرافیایەی بەردەستیەتی بۆ بەهێزكردنی دەسەڵات و بەرینكردنەوەی بۆردانی میلیشایی بەرامبەری.**

**لەهەر شوێنێكی دنیا دەوڵەت و دامەزراوەی دەوڵەتی هەبن، تەعەهوداتی دەوڵەتی و نێودەوڵەتیش هەن، یاساو رێسای وەگەرخستنی سامان و شێوازی كەڵەكەی سەرمایەو یاساش بۆهەمووان مانای هەیە.**

**وەلەهەر شوێنێكی دنیا دەوڵەت نەبوو، باسی تەعوداتی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی و دامەزراوە و دەزگاكانی، درۆیەكە ئاشكرایە. ناكرێت دەوڵەت نەبێت و لێپرسینەوەی یاسایی هەبێت، ناكرێت دەوڵەت نەبێت و یاسا بۆ هەموو هاوڵاتیان هەبێت.**

**پاش لە 16 ساڵ دابرانی بەكردەوەی كوردستان لەدەوڵەتی عێراق، و پاش 16 ساڵ لەدەسەڵاتی حزبی یەكێتی و**

پارتی بەسەر زوربەی زۆری کوردستاندا، بەوهۆیەوە کە دەوڵەت لە هیچ ئاستێکیدا نییە، یاساورێسای سەراسەری بۆهاوڵاتیان نییە، ماف یەکسان بۆهەمووان نییە، پرۆسەی بەرهەمهێنان و خستنەگەری سەرمایەی ئازادیش بۆهەمووان نییە.

لەکوردستان دوو دەسەڵاتی پشت بەستوو بەهێزی چەکدار هەیە، سەرباری هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەی بەرگی یاسای بکەن بە دەسەڵاتیاندا، سەرباری بوونی حکومەت و پەرلەمان، سەرباری ناوی جۆراوجۆری شێوە دەوڵەتی بەسەر دەزگاکانیاندا وەکوو وەزیرو وەزارەت، پەرلەمان و داد.....هتد، بەڵام ڕاستی ئەوەیە ئەمانە تەنانەت لای خودی یەکێتی پارتیش جدی نین.

تائێستاش موچەی پەرلەمان و حکومەت حزب و هێزە ئەیدات، تائێستا هیچ وەزارەتێك و بەرپرسی زوربەی وەزارەتەکان لەبەرامبەر دەوری سەرکردەیەکی میلیشایی دەرجە دەهەمیشدا زمانی لاڵە، وەرقەو نامەی بەرپرسێکی حزبی جێگای هەزار بڕیاری یاسایی!! دەگرێتەوە.

هیچ سەرمایەدارێکی گەورەی سەربەخۆ و دابڕاو لەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و بەرپرسەکانی لەکوردستان توانای خستنەگەری سەرمایەی نییە، و ئەگەر بڕیاربێت کۆمپانیایەك لەکوردستان بکرێتەوە ئەگەر لە سنوری دەسەڵاتی پارتی بێت ئەوا پسولەکەی پارتی ئەیدات و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی یەکێتیش ئەوا یەکێتی ئەیدات، پرۆژەی سەربەخۆ لەدەسەڵات یان دابراو لەدەسەڵات و بێئەوەی بەشی دەسەڵات یان بەرپرسێکی دەسەڵاتی تیابێت بوونی نییە.

میلیشیا گەندەڵی و فەسادو ناشەففیەت تایبەتمەندێتیەکی ناوەکیەتی، لەناو کۆمەڵگاشدا دزی و تالانی داهات و سامانی کۆمەڵگا بەبەرنامەی حزب و دەسەڵاتی میلیشیاوە دەبرێتە پێش.

ئەو پرۆژەیەی لەگەڵ تەواوبونیدا پێویستی بەنۆژەنکردنەوەهەیە، ئەو پرۆژیەی بەچەند کۆمپانیا ئەفرۆشرێت، ئەو پرۆژەیەی لەسەرەتادا یان لەنیوەیدا توشی وەستان دێت، بەکورتی ئەو پیلانە ئابوریەی کە بەدەستی حزب و هێزەکانیەوەیەتی، پیلانی تالانیەکی ئاشکرای کۆمەڵگایە، ئیتر ئەمە گەندەڵی نییە، ئەمە ئەو ڕیشوە خۆریەی دام ودەزگاکانی وڵاتانی وەکو سوریا و تورکیا نییە، خستەنپێشی سەرە نییە، کۆمەك بەکەسێك ونەکرنی بەیەکێکی تر نییە، پێشلکردنی یاسای بازار نییە، گوێنەدان بە دامەزراوەدەوڵەتیەکان نییە، بەپێچەوانەوە لەغیابی ئەم دامەزراوە دەوڵەتیانەدایە، دەسەڵات بەئارەزووی خۆی کەڵەکەی سەرمایە ئەکات، بەئارەزووی خۆی تەعەهوداتی محەلی و خیزانی و دۆستایەتی و لەگەڵ برزاو خاڵۆزاو ئامۆزاو برادەری قەدیمی دەکات.

ئەوەش کەوای کردووە یەکێتی و پارتی لەسەر دارایی و دادو ناوخۆ ڕێکەنەکەون، بەجیا لەوەی خودی حکومەت و پەرلەمانی کردۆتە دوو دامەزاوەی نایاسایی بێکارە، هاوکات سنوری دەسەڵات و هێزەکانیش جیاکردۆتەوە. ڕادەو بری داهات بەپێی یانتایی قەڵەمرەوی دەسەڵات وجغرافیای کۆنترۆڵکراوی سیاسی یە، نەك پێداویستی بە بەرنامەی کۆمەڵگاو تاکەکانی. کەسیش ناتوانێت بە دەسەڵاتێکی سەرپێچکەر لە غیابی دامەزراوەی یاسایدا، بە یاسا بڵێ پشتی چاوت برۆیە.

ئەوەی هاوسەنگی نێوان یەکێتی و پارتی و ڕاگرتووە، تەوافقی سیاسی و بەژەوەندی ئابوری و گوشاری هەلومەرجێکی تایبەتی ئێستای کۆمەڵگای عێراق و هەڕەشەکانی سەر ئایندەی کۆمەڵگای کوردستانە، نەك چواوچێوەو پێکهاتە یاسایەکان و توانەوەیان لەناو ئەوپێکهاتانەدا. هەربۆیەشە ئەوەی پێی وایە ئەمان دەتوانن داهاتەکان یەکبخەن و دارایی بکەن بەیەك هیچ لە دەسەڵاتی ناحکومی و نادەوڵەتی تێناگەن و بەشێکن لە فریوەدەرانی کۆمەڵگا.

کاتێکیش ئەمە نەبوو تالانی و باندی پەروەردەکراوی تالانی داهات و سامانی کۆمەڵگا، دەبێتە ئەو تایبەتمەندیەی ئێمە 16 ساڵە ئەیبینین.

**له سوريا يان توركياو ئێران... گەندەڵی هەیە، فەساد هەیە، ڕیشوەخواردن هەیە، دزی هەیە، مافیای تاڵانچی هەن، بەڵام لەویٚ چونکە دەوڵەت هەیە" بەهەر ناوەڕۆکیٚکەوە" حکومەت و یاساش هەیە، دامەزراوەی جۆروجۆری یاسایش هەن، تەعەوداتی ناوخۆیی و نێونەتەوەیش هەیە، یاساو لێپرسینەوەش هەیە، لەئاستی نێودەوڵەتیش جێگایان هەیە، مامەڵەی دنیاش بەپێی تەعەوهوداتی نێودەولەتی یە، سەرمایە و پولٚ ئەتوانیٚ بەپانتایی ئەم وولاٚتانەدا بلاٚوببێتەوە و بخرێتە گەر، میلیشیایەك نییە سنورداری بکات، قاڵبی بۆدابنێت، .....تاد.**

**لەکوردستان ئەوەی ڕێگە ئەدات تیلکۆم یان ئاسیا سێلٚ، لەکام سنور هەبن و تاکویٚ نوزەیان بێت، هەزار حکومەت و پەرلەمان و یاسای وەبەرهێنان و خستنەگەری سەرمایە هەبن، ئەبێت حزب مۆری لێبدات و ڕێگەی پێبدات، ئەمەش بەبیٚ ڕێکەوتنی خاوەن پرۆژی لەگەلٚ حزب و دەسەلاٚت ئیمکانی نییە. حکومەت و پەرلەمان و یاساکانیش لەکەنارەوە دەڕوانە ئەم نمایشی قدرەتە حزبیەی کە پەرلەمان حکومەتیان بە ئیتفاق تیا پێکهێناوە.**

**بەکورتیەکەی ئەوەی لەکوردستان پیدەوترێت گەندەڵی، هەوڵێکە بۆشاردنەوەی دزیەکی تاڵانییەکی هەمەلایەنەی داهات و سامانی کۆمەڵگا لەلایەن ئەحزابی دەسەلاٚت بەدەستەوە.**